# ئایا تۆ خاوەنکاری سەربەخۆیت یان ئیشکەریت؟

هەموو کاتێک ئاسان نیە کە بزانیت ئایا تۆ خاوەنکاری سەربەخۆیت یان ئیشکەریت. هەندێک جار دەکرێت کە لە ڕێکەوتننامەدا بنووسرێت کە تۆ خاوەنکارێکی سەربەخۆیت، بەڵام لە کردەوەدا وەکو ئیشکەرێک کار دەکەیت. لەو کاتەدا دەبێت مافەکانی ئیشکەر بتگرێتەوە.

ئەگەر خاوەنکاری سەربەخۆیت، تۆ ئازادی لە بڕیاردان لەوەی کە چۆن و کەی و بە چی نرخێک بۆ کێ کار دەکەیت. هەروەها ئەگەر خاوەنکاری سەربەخۆ بیت پێویستە خۆت بۆ نموونە پارەی تەئمین (بیمە) و باجی زۆرەملێ بدەیت.

ئەگەر کۆمپانیاکە بۆ نموونە کاتەکانی ئیشکردنت بۆ دیاری بکات و ڕێگری لێت کرد لەوەی کە بۆ لایەنێکی دیکە ئیش بکەیت، بۆی هەیە تۆ ئیشکەرێکی ئاسایی بیت. لەو کاتەدا مافەکانی ئیشکەر دەتگرێتەوە، وەکو پشووی ساڵانەی مووچەدار، مۆڵەتی نەخۆشیی مووچەدار، قەرەبووی ئیشە زیادەکان، خزمەتی تەندروستی و تەئمینی ڕوداو و کارەسات.



## ئایا دەزانیت کە ئایا لە ڕاستیدا تۆ خاونکارێکی سەربەخۆیت یان مافەکانی ئیشکەرێکی ئاسایی دەتگرێتەوە؟

ئەگەر دڵنیا نیت لەوەی کە ئایا تۆ خاوەنکاری سەربەخۆیت یان ئیشکەریت، دەتوانیت لە دەسەڵاتدارانی پارێزگاریکردنی کار پرسیار بکەیت.

دەتواننیت ئیمەیل بنێریت بۆ:

tyosuojelu.etela@avi.fi

جگە لەوەش پرسگەی تەلەفۆنی لە ژمارە تەلەفۆنی ٢٩٥٠١٦٦٢٠-٣٥٨+ بە زمانی فینلەندی و سویدی و ئینگلیزی خزمەت دەکات.

هەر لە سەرەتاوە مشووری مافەکانی خۆت بخۆ. بە وریاییەوە مەرجەکانی ڕێکەوتننامەکەت بخوێنەوە. داواکردنی مافەکان لە پاشوەختدا کارێکی هێواشە و ئیشی زۆر دەوێت.

زانیاری زیاتر لەسەر مافەکانی ئیشکەر لە نامیلکەی "وەکو ئیشکەرێکی بیانی لە فینلەندا" بخوێنەوە. کە بە چەندین زمانی جیاجیا دەست دەکەوێت لە سایتی www.tyosuojelu.fi/work-in-finland

Oletko yrittäjä vai työntekijä? / kurdi

Tyosuojelu.fi
Website of the Occupational Safety and Health Administration in Finland